## بەهات حەسیب قەرەداخی: ئەوپەڕی کاڵفامییە نیازت هەبێ گەنجێکی سەدەی 21 ڕازی بکەی وەکو گەنجێکی سەدەی 17 بژی . ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر لەماڵەکەیدا هەبێت و لەبەرچرای نەوت داینیشێنیت!!



( بەهات حەسیب قەرەداخی ــ رۆژنامەنووس و ڕوناکبیر) لە بەسەرکردنەوەیەکدا :

**سازدانی: هەستیارغەمگین**

***سەبارەت بەکۆچی ئەم دواییەی گەنجان بەتایبەتی کە تادێت ڕێژەکەی ڕوو لەزیادبوون دەکات، ئەم حاڵەتە لای بەڕێزت چۆنەو چی دروست کردووە؟**

- ڕاستیەکەی ئەم دیاردەی کۆچی لاوانە کەئێستا سەری هەڵداوەتەوە بەتایبەتی لەم چەند مانگەی دوایەدا، هەمان بارودۆخ دێنێتەوە یادمان کەلەسەرەتای نەوەدەکان و لەدوای شەڕی ناوخۆش هاتبووە ئاراوە ، هەڵبەت ئەوسا زۆر کەس دەیگوت: هۆکاری ئەو کۆچە شەڕی ناوخۆیە، ترسی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعسە بۆ کوردستان ,ئێستا شەڕی ناوخۆ نیە، ئێستا یەك حکومەتی یەکگرتوو هەیە، ئێستا تەباییەکی تەواو هەیە لەناو هێزە سیاسیەکاندا، ئێستا ڕژێمی سەدام ڕووخاوەو تەنانەت ئەو حکومەتە مەرکەزییەی ئێستا لەبەغدایە ئەوەندە لاوازوبێهێزو بچکۆلەو سنوردارە کەناتوانێ خۆشی بپارێزێ لەناوەڕاستی بەغدایا، چجا ی ئەوەی کەبتوانێ کوردستان داگیربکاتەوە.لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی کۆچ و گرتنە ڕێی هات ونەهات زۆر بەگەرمی سەری هەڵداوەتەوە و بەردەوامە ! کەواتە ئێستا هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو کۆچە شتێکی ترە، هەڵبەت بۆچونەکانی ئەوساش کەهۆکاری ئەو کۆچە ئەدرایە پاڵ شەڕی ناوخۆ خستنەپاڵێکی زۆر جەوهەری و ورد و دەقیق نەبووە ئەگینا کۆچکردن لەوڵاتانی دواکەوتووەوە لەکۆمەڵگە داخراوەکانەوە لەوڵاتانی ئابوری ڕووخاوەوە لەوڵاتانی خاوەن داب و نەریتی دواکەوتووی بێبەرهەمی (نەکراوە) بەڕووی لاوانا ... بەگشتی لەو کۆمەڵگایانە کەپیرەکان حکوم دەکەن و بەشی خۆشیان دەخۆن وبەشی نەوەکانی دوای خۆشیان لووش دەدەن , گەنجەکانیش بێبەشن لە مافی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان , لەهەموو ئەو ولآتانا دیاردەی کۆچ بەرەو خۆرئاوا دیاردەیەکە نکوڵی لێناکرێ و بۆتە دیاردەیەکی مێژوویی بەڕادەیەکی وەها کەبەو ڕێوشوێنە سەتحیانەی کەلەم وڵاتانە دەگیرێتە بەر, چارەسەر ناکرێ. چارەسەرکردنی ڕووکەشیی کێشەکان ئەو مەسەلەیە چارەسەر ناکات،بگرە ئاڵۆزتری دەکات . <u>سستم و ئەقلییەتێکیش کە ئەم جۆرە قەیرانانە لەناو کۆمەڵگەدا دەخوڵقێنن , ئەوپەڕی ساویلکەیی و خۆش باوەڕییە واتێبگەین هەر هەمان ئەقلییەت وسستم لەتوانایاندا هەیە ئەو قەیرانە چارەسەربکەن</u> ! نەخێر هەرگیز پێی ناکرێ , گەنج لای ئێمە لەهەموو شت ناڕازییە , تۆبێی وابزانی ئەگەر پارکێکت بۆ کردوەو سەنتەرێکی گەنجانت بۆکردەوەو وتت ها ئەوە ملیۆنێك دینار بۆ سلفەی زەواج گەنج ئیتر لێت ڕازی دەبێت؟ ئەمە ئەوپەڕی ساویلکەییە ئەو پەڕی بەهەڵەدا چون و کالفامییە

لەململانێی نێوان نەوەکان، وە ئەوە جەوهەری کێشەی دواکەوتوویی و تەخەلوف و جەهلە لەم ولأتانەی ئێمەدا ، هەتا ئێستا سیاسەت مەدارەکانی ئێمە کاربەدەستانی ئێمە نایانەوێ لەو ڕاستیە تێبگەن کەکێشەی کۆچی گەنجی کورد بەدەرەجەی یەکەم ئابووری، بەدەرەجەی دووەم سیاسی یە، بەدەرەجەی سێیەم کۆمەڵایەتیە، وائەزانن کێشەی کۆچکردن تەنیا کێشەیەکی ڕۆژانەیە یا هەڵەشەییە یامەزاجە، نا وانیە.تۆ کەنەتوانی لەولأتەکەتدا ئابوریەکی گەشەدارو پتەوو پەرەسەندو درووست بکەی و لەهەمان کاتیشدا خەڵکیکت هەبێ بیەوێت بژی، **ئەوپەڕی کاڵفامییە نیازت هەبێ گەنجێکی سەدەی 21 ڕازی بکەی وەکو گەنجێکی سەدەی 17 بژی . ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر لەماڵەکەیدا هەبێت و لەبەرچرای نەوت دابنیشێنیت!!** تۆ وەزعێکت دروست کردوە بەدیوێکدا سەیارەی مۆدێلی دوهەزارو شەش و دو هەزارو حەوت دێتە ولأتەکەوە کەچی جۆرێك بەنزین بەسەرخەڵکدا دابەشدەکەی نەك ماشێنی ئۆتۆمبیل نابزوێنێ ،بەڵکو لەبریی نەوت بیکەرە سۆپاوە لێی مەترسە !! ناکرێ تۆ چاوەڕێ بکەی خەڵکێك لێت ڕازی بێت گەنجێك لێت ڕازی بێت وەزعێکت بۆ دروست کردوە لەڕێگای سەتەلایتەوە ئاگای لەپەرەسەندنەکانی هەموو دنیا, لەخۆشگوزەرانیەکانی هەموو دنیا و ئازادییەکانی گەنجانی ولأتان هەیە، بەڵام کۆڵأنەکەی پڕبێت لەخۆڵ و تەپوتۆزو سێ ڕۆژ جارێك ئاوی خواردنەوە بگات بە ماڵەکانیان و نەتوانێ دەستی هاوڕێ کورکەی, هاوڕێ کچەکەی بگرێت و لەناو باخێکدا پیاسە بکات, گورج پێش کەلەبچەی پۆلیس چاوی بەدکار و نەفسییەتی نزم ونەخۆش شوێنیان بکەون و بە تۆمەتی بەد رەوشتی بدرێنە دادگا، ئەمەهەمووی ئەوپەڕی ناماقوڵییە هەرهەمووی دژایەتی کردنی یەکترییە ، **سیاسەت مەدارو کاربەدەستانی ولأتی** ئێمە ئەبێت تێبگەن ، لەوەی کەناکرێ بەم دوفاقەییە بڕۆن بەڕێوە هیچ کۆمەڵگەیەك بەم دوفاقەییە ناتونێ یەك هەنگاو بەرەو پێش بچێ .

*** لەدوای هەڵبژاردنەکانیش کۆمەڵێك بەڵێن بەخەڵکی دران بەتایبەتی بەگەنجان ، بەڵام دوای بەدەست هێنانی دەنگێکی زۆر تەواو پشتیان لەو بەڵێنانە کرد کەبەخەڵکیان دابوو، تۆ پێت وانیە جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی حکومەت هۆکارێکی تری سەفەری گەنجان بێت؟**

- بەڵێ ئەوەش خۆی هۆکارێکە. کاربەدەسەتانی ولأتی ئێمە .. ئەقڵە پیرەکانی ولأتی ئێمە وا تەسەور ئەکەن کە دووقسەی بریقەداریانکرد لەکاتێکی تەنگانەدا کەپێویستیان بەدەنگی خەڵك هەیە ئیتر بۆیان دەچێتە سەر , مەسەلەیەکی کوردەواری هەیە "کەشوانێك دوو جار هاواری کرد گورگ گورگ خواردمی و خەڵك چوون بەدەمیەوە هیچ نەبوو درۆ دەرچوو سەری سێهەم جار گورگ بەڕاستی خواردی و کەس نەچوو بەدەمیەوە،" ئەم کاربەدەست و سیاسیانەی ولأتی ئێمە ئەبێ تێبگەن کەبەر پرسیارن، ئەمانە مەسئول نین بۆ ئیمتیازات ئەمانە مەسئوولن بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری خەڵك ! **حکومەت لەهەموو دنیای دیموکراتدا** دەستەیەکن, خەڵك بەکرێیان دەگرن بۆ ئەوەی کارو باری میللەت بەرن بەڕێوە, نەك بۆ ئەوەی ببن بەباوەپیارەی خەڵك, نەك **بۆ ئەوەی ببن بەباوەژنی خەڵك**، بەشێکی زۆری کاربەدەست و داوو دەزگای ئێمە وەها مامەڵەی هاولأتیەکانی خۆیان دەکەن وەك بڵێی ئەم خەڵکە کۆیلە و بەکرێگیراوی لای ئەوانن و ئەبێ بەئارەزووی حکومەت هەڵس و کەوت بکەن، ئەمە لەکاتێکا کەبانگەشەی دیموکراسی ئەکرێ و دیموکراسییش تەواو پێچەوانەی ئەو تەسەور و تێگەیشتنەیە، لەسیستمی دیموکراتیدا ئیدارەو حکومەت کۆمەڵێکن، خەڵك بەکرێگیرتوون بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، چوار پێنج ساڵ کاروباری خەڵك ئەبەن بەڕێوە کەخەڵك ئیش و کارەکانیانی بەدڵ نەبوون, دەڵێن فەرموون بەجێی بێڵن بۆکۆمەڵێ خەڵکی تر، بەڵام لەولأتی ئێمە وانیە، لەولأتی ئێمە بەدیوێکدا بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی دەکرێ و باسی کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ، بەدیوێکی تردا کۆمەڵگایەکی داخراوی

تەنراو بە کەڵچەر و نەفسیەت و ئەخلاقیاتی تۆتالیتاری نازیان دەکێشرێ و پاراێزگارییان لێ دەکرێ ! بەدەگمەن نەبێ داوودەزگایەکی بیرۆکراتی لووت بەرز لەزۆر جێ و بواردا بالادەستە و یاسا پێشیل دەکا و لەبریی ئەوەی لێبپێچرێتەوەو سزا بدرێ , خەلات دەکرێ ! چۆن ولات وادەڕوات بەڕێوە؟ هەر کاربەدەستێك لەهەر ئاست وپلەیەکدا بێت وابزانێ شیخی تەریقەتەو خەڵك ڕەعیەت و موریدی ئەون و نابێ هیچ کەس بێ دڵیی ئەو بکات و خۆیشی بەدەر بێ لە لێپرسینەوە ! هەرگیز دەوڵەت واناڕوات بەڕێوە، ئەگەر بڕیارە و قەناعەتێکی فیکرییە کە وابیبەن بەڕێوە با پێمان بڵێن کاکە ئێمە دەوڵەت نین داوودەزگانین! ئەوسا ئێمەش خۆمان ئەگونجێنین لەگەڵ وەزعی نادەوڵەتیدا ، ئەگەر سستمی کوێخا دێی پیادە دەکرێ, بابزانین ، ئەگەر وایە, با چیتر نەڵێین داوودەزگا و یاسا ورێسامان هەیە, با بڵێین کوێخامان هەیەو ئێمەش هەمووومان رەعیەتی گوێرایەڵ و موتیعین و خواش هەمووولایەك مەحفوزکا ! بەلام کەتۆ گوتت کۆمەلگەیەکی مەدنی دورست دەکەم و کەگوتت من دەوڵەتم و دامودەزگام بەدەستەوەیەو حکومەتم ئەبێت وەکو حکومەت هەڵسوکەوت بکەی. ئیشەکانی حکومەت چیە؟ حکومەتێکی هاوچەرخ و دیموکرات و عەلمانی ئیشەکانی دیاریکراوە و ئاشکرا و روونە : دابین و پێشکەشکردنی سەرەتاییترین و بنەڕەتی ترین پێداویستیەکانی ژیانە بۆ هاولاتی، ئاوە، کارەبایە، ڕێگاو بانە، خوێندنە، چاودێری تەندروستی و چارەسەری نەخۆشییەکانە، پاسەوانی و دابینکردنی ئەمن و ئاسایشیەتی، بەلام کە تۆ نەتوانیت یان نەزانیت یان نەتەوێت بەشێکی هەرە زۆری ئەو خزمەتانە دابین بکەیت ، ئەی بەنیازی چییت ؟ چی دەکەی ؟ خۆت و خەڵکت بەچییەوە سەرقاڵ کردووە ؟ دانیشتووی چاوەڕوانی سەری مانگانی تا خۆت موچە وەرگری و موچە بدەی بەخەڵك وبەس ؟! ئەم موچەدانە بەخەڵك خۆی بۆخۆی ماڵوێرانکردنە، دابڕانی کوردستانە لەهەموو بەرهەمهێنانێك . برادەر تۆ دەزانی هەموو بازاڕی سلێمانی و هەولێر بگەڕێ یەك خەیارت , کیلۆیەك تەماتەت دەستناکەوێ بەرهەمی جوتیارێکی کوردستان بێت، یەك قوتو دۆشاوی تەماتەت نیە بەرهەمی کوردستان بێت، پرتەقاڵێکت دەستناکەوێ، یەك کیلۆ ئاردت دەستناکەوێ، <u>ئەی ئێمە چیدەکەین؟ خەریکی چیین ؟ هەرهەموومان خەریکی قسەی زلین !؟ بەسەرکردەو بنکردەوە دانیشتووین پارەی نەوت دەخۆین و تەواو؟!</u> ئایا ئەم پارەی نەوتە تەنیا ملکی ئێمەیە بیخۆین و تەواو، ئەی نەوەکانی داهاتوو چیبکەن، کەس بیری لەوە کردۆتەوە ؟ ئەم کاربەدەست و سیاسەت مەدارانەی ئێمە کەهەمووخۆیان بە پرۆفیسۆرو شارەزاو دووربین دەزانن بیریان لەوەکردۆتەوە بیست سی ساڵی تر کە نەوت نەما لەم ولاتەدا, نەوەکانی ئێمە لەچی بخۆن؟ لەم ولاتەدا چیبکەن؟ ئەزانی ئەوسا ئەبێ هەرهەموو ببن بەبۆیاخ چی لەهیندستان و پاکستان ! ببن بەشۆفێری تاکسی لەتورکیاو لەئێران یان وەك قەرەج و بەسوالکەر بە ولاتاندا بسوڕێنەوە، ئایا ئامانجمان لە کوردایەتی و شۆڕش و ڕاپەڕین ئەم چارەنووسە نادیار و ئەم فڕکان فڕکانەی حیزب حیزبێنە و کوتلە و کوتلە بازییەببوو ؟! بڕواناکەم !!

***لەوماوەیەی پێشودا زنجیرەیەك خۆپیشاندان لەزۆرێك لەشارو شاۆرچکەکانی کوردستان روویاندا وەك هەموو جارەکانی تر دەسەلاتی کوردی مۆری گێرە شێوێنی دایە پاڵ ئەنجامدەرانی و ژمارەیەکی زۆریشی لێ دەزگیر کردن و هەتا زۆربەشیان ئازاردران، ئەمە پێت وایە دەرەنجامی چیەو پێت وایە پڕی ڕقی خەڵکە لەحکومەت؟**

- خۆپیشاندان نارەزایی دەربرین سەرەتایی ترین مافی ڕادەربرین و مافی گوزارشکردنە لەبیرو باوەڕی خۆت، لەکۆمەلگەیەکی مەدنی دیموکراتیدا ئەمە یەکێکە لەسەرەتایی ترین مافەکانی ئازادی تاك ، ئەم مافەیش لەپێرەوی ناوخۆی هەموو حیزبەکانی خۆشماندا نوسراوە و لەدەستووری کوردستانیشدا هەیە و لەهەموو گوتارو خیتابی سیاسیی سیاسەتمەدارەکانیشدا ئەمە

باسكراوەو رۆژانە سێ ژەمە دەیبیسین ، بەڵام كەدێیتە سەر باری پراكتیكی سەیرەكەی پیادەكردنی ئەم مافە مەرجداركراوە بەواتا یەك كۆمەڵ مەرجیان لەگەڵ داناوە كە ئیتر هەموو مافەكان ئەپوكێنێتەوە و پەكیان دەخات, چۆرە بڕیان ئەكات و ئەیانكاتە لیمۆیەكی گوشراو ! بۆ ئەبێ هەموو خۆپیشاندانێك مۆری پیلانگێڕان و ئاژاوە گێڕی لێبنرێ، ئەی خەڵك چۆن ئەو داوایەی هەیەتی ڕایبگەیەنێ بەحكومەت؟ لە وڵاتانی دیموكراتیی دنیادا هەردەستەو تاقم و گروپ و ڕێكخراوێك یان هەر چین و توێژێك ڕاو بۆچونێكی هەبێت بیەوێت بیگەیەنێتە دەسەڵات ( داواكاری بێت یان ناڕەزایی ) كەناڵەكانی میدیا ئەوەندە زۆرو كراوەن و دەوڵەت و دامودەزگاكانی ئەوەندە شەفافن, ڕاستەوخۆ ئەو داواكاریانەیان پێدەگات، لەگەڵ ئەوەشدا خۆپیشاندان هەرهەیەو مانگرتنیش هەرهەیەو كەسیش ڕێی لێناگرێ و ناوی موئامەرەیشی لێ نانرێ ! ئەوە نزیكترین نموونە ئیسرائیلە , ئەم وڵاتە لەگەرمەی شەڕدا بوو لە خوارووی لوبناندا , رۆژانە دەیان مووشەك دەنرا بە شارەكانییەوە و خەڵكی مەدەنییان لێ دەكوژرا , كەچی خەڵك هەبوون لەدژی حكومەتەكەیان , لەدژی سیاسەتی شەڕ خۆ پێشاندانیان دەكرد و كەسیش پێی نەگوتن ئێوە بەكرێگیراوی حیزبولاَن ! ! هەروەها لە ئەمریكا , لە بەریتانیا , لە ئیسپانیا ... ئەی لەوڵاتی ئێمەدا كە زۆربەی هەرە زۆری میدیاكانمان حیزبین و لەژێر كۆنترۆڵی بەرژەوەندییە حیزبییەكاندان و خەتی سووریان یەكجار زۆرە و هەڤاڵی مەسئولیش ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە جەنابی كاربەدەست رقی لە ڕۆژنامە دەبێتەوە و جگە لە بورجەكان هیچیتر ناخوێنێتەوە و گوێ بەبۆچوونی ڕۆشنبیران نادات مەگەر بەناو ناوی لە هەواڵێكدا هاتبێ بەپەلە بچێ شكاتێك یان هەڕەشەیەك بۆ ئەو كەناڵە ڕەوانەبكا، بۆ نموونە ئەم قسانەی من بۆتۆی دەكەم یەك وەزیر و سیاسەت مەدار كەقەراری بەدەست بێت نایانخوێنێتەوە ، هەر داخ هەڵڕشتنێكەو كاغەز رەشكردنەوەیە و هیچی تر، واتا داواكاریەكانی خەڵك هیچ پەرچەكردارێكی مەدەنیانەی نیە و ناگاتە جێی مەبەست و بڕیاربەدەست، لەبەر ئەوەی مەسئول گوێی ئاخنیوە بەكۆنكرێت و عەینەكێكی ڕەشی كردۆتە چاوی و سواری ئۆتۆمبێلی جامڕەش دەبێت و بەوڵاتەكەی تۆدا ناسوڕێتەوە تاكو كێشەكانی تۆ ببینێ, ئەو داماوە لەفڕۆكەخانە دادەبەزێ بۆ فڕۆكەخانەیەكی تر دەفڕێ ، خەریكی مامەڵەو بازرگانی خۆیەتی كوا ئاگای لەوڵات ماوە، باشە وڵاتێك ئەمە حاڵی بێت, ئیتر خەڵك چ ڕێگەیەك بگرنەبەر بۆ گەیاندنی دەنگ و داواكاری و ناڕەزاییەكانیان ؟ ئەگەر لێرە بەم بێ موئەسەساتییەوە خەڵك نەڕژێتە سەر جادە و خۆپیشاندان نەكات و نیشانی حكومەتی نەدات كە: من ناڕزایم لەتۆ, ئەی لەكوێ خەڵك خۆ پیشاندان بكات؟ **هیچ ڕێگەیەك ماوە نەمانگرتبێتەبەر، هەر لە ڕەخنە جددیەكانی بەختیار عەلی و مەریوان قانعەوە بیگرە تا كاریكاتێرەكانی بەرنامەی بەرنامە و نوكتەكانی ناو بازاڕ و مەزادخانەكان ... مویەك لەلەشی هیچ دەزگایەك ناجوڵێنێ, كەس خۆی سەغڵەت ناكا !!** ڕەخنەی جددی دەگری كەس گوێت پێنادات , دەیكەیتە نوكتەبازی و گاڵتەجاڕی , مەسئولەكان لە ئێمە زیاتر كەیفیان پێ دێ و قاقا بەدیار كۆمیدیاكانمانەوە ئەتریقێنەوە دەڵێی نەبایان دیوە نە بۆران ! ، ئیتر ئەوە دوا پلەیە كەخەڵك دەتەقێتەوە و خۆپیشاندان ساز دەكات، ئەوە داوایەكی ڕەوای خەڵكە، بۆ دەبێت یەكسەر تۆمەتی ئاژەوە گێڕی لێبنێی، ئەوجا لەبەرانبەر ئەو خۆپیشاندانانەشدا كەكراوە ئەم دەزگایانە لەبری ئەوەی بێنەوە هۆش خۆیان و پرسیارێك لەخۆیان بكەن : **هۆی چییە ئەو خەڵكەی دوێنێ دەنگی داینێ وا ئەمڕۆ لێمان ناڕازییە ؟ كێ كەمتەرخەمە بەرامبەر بەخەڵك وا ناچار بووە خۆپیشاندان دەكات؟** لەبریی ئەوەی حكومەت بەخۆیدا بچێتەوەو ڕەخنەیەكی جدی لەخۆی بگرێ و لەبەرپرسە گەندەڵەكانی بپێچێتەوە، دێن لێپرسینەوە لەخەڵكە ڕەش و ڕووتەكە دەكەن كەداوای ئاو و كارەباو بەنزین و نەوت دەكەن,تەقەیان لێ دەكرێ و دەخرێنە زیندانەوە و دەدرێنە دادگا، ئەی ئەگەر خوا نەخواستە ڕۆژێك لەرۆژان ئەو خەڵكەی (بەپێی دەستوور !) خۆی خاوەنی ئەسڵیی دەستەڵاتەكانە، داوای گشت دەسەڵاتەكانی خۆی بكاتەوە , ئەوسا دەبێ چیان لەبەرامبەر بكرێ ؟.

***لەدوای خۆپیشاندانەکان و دوای ئەو فشارە زۆرەی خەڵك پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەست و لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ بەدوادا چونی ئەوکێشانەی کەخەڵکی ئەم کوردستانە پێوەی دەناڵێنێ، تۆ پێت وایە ئەو لیژنەیە تاکو چەندە بەو ئەرکەی هەڵدەستێ کەلەئەستۆی گرتوە؟**

- **من دەڵێم ئەگەر پەرلەمان خۆی بەنوێنەری خەڵك دەزانێ و نوێنەری حزبەکان نیە بۆچی تاکو خۆپیشاندان نەکراو شوێن** نەسوتاو خەڵك نەکوژراو نەگیراو لەجیهاندا دەنگی نەدایەوە, کۆبوونەوەیەکی نەکرد لەسەر ئەو کێشانەی خەڵکیان **هەراسانکردووە و هەوڵی بۆ بنبڕکردنیان نەدا ؟!**

پەرلەمان ! تۆ لەجێی ئەوەی ساڵێك لەمەوبەر دانیشی و لەنزیکەوە لەسەر کێشەو گرفتی خەڵك قسەبکەی دانیشتییت باست لەوە دەکرد چۆن موچەی ئەندامەکانت زیاد بکەی؟ خەڵك لەتەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ناڕەزاییان دەردەبڕی کەچی تۆ مۆڵەتت وەرگرتبوو زۆربەی ئەندامەکانت پاسپۆرتیان لەگیرفانی نابوو لەولاتان پیاسەیاندەکرد، پاش هەمموو ئەم دەنگە ناڕەزاییە کۆبوونەوەیەکی نائاساییانکردوە لەم کۆبوونەوەیەدا چەند لیژنەیەکیان پێکهێناوە، بەڵام ئەوا زیاتر لە 3 مانگە و تائێستا هیچ بەرهەمێکیان دیارنیە، بارو دۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات، تاکوئێستا کەس نەی بینیون، راوێژیان بەیەك کەسی دەرەوەی خۆیان نەکردووە, دوو کۆبوونەوەی جەماوەرییان رێکنەخستووە ! ئیتر تێناگەم چۆن بەنیازن گرفتەکانی جەماوەری ناڕازی چارەسەربکەن بەبێ ئەوەی گوێیان بۆ 10 هاولاتی گرتبێ ؟ سەربارى ئەوەش **کەسێك کە پێشتر بۆ ماوەی 2 ساڵ** کرابووە بەرپرس لەدەزگایەکی زۆر هەستیاردا , هەرچی بەرنامەبێ نەیبووە , پارەو پولێکی بێ شوماری خەرج کردووە ( بە **سەفەر و ئیفادی ولاتان !!) بەکورتییەکەی تا خوا حەزکا فاشیل بووە, لەبری ئەوەی پەرلەمان لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات و** سزای بدات , لەولاوە بەرژەوەندیی تەسکی کوتلەیەکی حیزبیی وایخواست بکرێ بەوەزیر، بەڵێ بە بەرچاوی پەرلەمانەوە کرا **بەوەزیر و پەرلەمانیش مێشێ میوانی نەبوو !!** هەمموو ڕۆژنامە حزبی و ئەهلیەکان لەسەر ئەم دیاردانە قسەدەکەن ، کەس وەلام ناداتەوەو کەس خۆی ناکات بەخاوەنی ! لەولاتی ئێمە. لای بەشێکی فراوانی ئیدارەی ئێمە هیچ ڕێزێ بۆ ڕۆژنامە و میدیاکان دانانرێ، رێسای : تفی خۆت بکە و بڕۆ ! پیادەدەکرێ ! مەسئولی نا مەسئول , پارەو سامانی ئەم ولاتە تەخشان وپەخشان دەکات و دەڵێت : **با رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران هەر لەورگی خۆیان بدەن !! ئەوان ئازادیی قسەکردنیان ناوێ ؟ دەبا** چی دەڵێن بیڵێن ! ئێمەش چیمان بوێ ئەوە دەکەین !

*** لە مانگی ئەیلولەوە کارەبا کەمکرایەوە بۆ 6 کاژێر و پاشانیش بۆ 2 سەعات و نیو, وەزیری کارەباش ئاماژەی بەوەداوە کەلەم کاتەدا بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاوی هەردو بەنداوی دوکان و دەربەندیخانەوە ناتوانین زیاتر کارەبا بەرهەم بهێنین، بۆیە دەبێت پشت بەکارەبای نیشتمانی بەغدا ببەستین، پێت وایە کاربەدەستانی ئێمەتاکەی دەبێت پشت بەئیدارەی بەغدا ببەستن بۆکارەبا، بۆ هەوڵێکی جدی نادەن بۆ چارەسەری بێ کارەبایی؟**

ــ ئەگەر بێتەوە یادت چەند مانگێ لەمەوبەر لە گۆشەیەکی "هاولاتیدا" دەست خۆشیم لەحکومەتی عێراقی کردبوو بۆ بڕینی ئەو بڕەکارەبایەی بۆی دەناردین، ئێستاش دەست خۆشیان لێدەکەم بۆ ئەوەی کارەباکەمان ببڕن دەست خۆشی لەحکومەتی مەرکەزی عێراقی دەکەم موچەشمان لێببڕێت بۆ ئەوەی ئەم بەرپرس و کاربەدەستانەی ئێمە هۆشێکیان بێتەوە بەبەردا بزانن

**که هەرێمی کوردستان دەوڵەتی ئەمری واقعیە . ناکرێ تۆ سەدان هەزار کارمەندت هەیە و حکومەت و پەرلەمان و سی چل وەزیرت هەیە چاوەڕێی حکومەتی عێراقی بکەی کارەباو نەوت و بەنزین و موچەت بەتەنکەر بۆبنێرێت، ئەگەر چاوەڕوانین هەموو شتێکمان هەر لەحکومەتی بەغداوە بۆ بێت , کەواتە برادەران ئێوە ئەو زیادە مەسرەفە بۆدەکەن؟ سی چل وەزیرمان هەیە هەریەکەیان مانگی 5 ملیۆن دینار وەردەگرێ، 100 ئەندام پەرلەمانمان هەیە هەریەکەیان 5 ملیۆن دینار وەردەگرن، چەند سەد مودیر عام و موستەشارو خەبیرتان هەیە هەریەکەیان مانگی 2 تا 3 ملیۆن دینار وەردەگرێ، بەتەنیا کۆی موچەی ساڵانەی ئەو زاتانە زیاترە لە 10 ملیۆن دۆلار , ئەمە جگە لە پارەی نەسرییە وخەرجیی ئیفاد و سەفەرو گەشتوگوزاری هەموو ئەو بەڕێزانە کە ساڵانە خۆی دەدات لە دەیان ملیۆن دۆلاری تر .. بڕی ئەو خەرجیەی یەك ساڵ چارەسەری گیروگرفتەکانی کارەبای هەموو هەرێم دەکات ، خۆ ئەگەر دەشتانەوێ حکومەت بن و سەربەخۆییەکتان هەبێت, ئەم پشت بەستنە ڕەهایە بەبەغداو لە بەغداوە بۆ بەغدا لەپای چی؟! کاکە ئەم سیاسەتی دووفاقی و پاشکۆییە, کارەساتی زۆر گەورەی بەدوایەوە !!**

***لەدوای پێك هاتنی حکومەتی عێراقەوە بڕیاردراوە لە17%ی داهاتی عێراق بۆکوردستان سەرف بکرێت، بەڵام دوای ئەو فشارە زۆرەی خەڵك تازە حکومەتی کوردی ( پێش چەند مانگێ)دەڵێت ئەو داهاتە بەتەواوی ناگاتە دەستمان بەڵکو لە 8% ی سەرف دەکرێت، باشە نەدەکرا زووتر ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە؟**

**- من ئەو مەسەلەیە لەدوو حاڵەتدا دەبینمەوە؛ یەکەمیان لەدووەمیان خراپترەو دووەمیشیان لەیەکەمیان بەدترە، یان ئەوەتا بەرپرسانی ڕاستەوخۆی ئەم مەسەلە داراییانەی دەزگاکانیحکومەتی هەرێم ( لەهەردوو ئیدارەی پێشوو) زۆر بێئاگابوون و هەر خەریکی ئیمتیازاتی خۆیان بوون ,مووچەکانیان لەچەند ملیۆنێ کەمتر نەبێ, پارەی ئیفادەکانیان مسۆگەر بکەن, ناوماڵەکانیان ساڵی جارێ نوێ بکەنەوە , مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکانیان هەمیشە لەبەرزیدا بێ و هەمیشە پڕ بەنزینی محەسەن بێ و خزم و کەس و کاریان دابمەزرێنن ! لەمەزیاتر ئاگایان لەهیچ شتێك نیە کەئەمەیان هەتا بڵێی زۆر خراپە، یان ئەوەتا سەرباری هەموو گەندەڵییەکانیان , ئاگایان لەهەموو شتێکیش بووە و لەبەر هەرهۆیەك بووە لەخەڵك و لە سەرکردایەتییان شاردۆتەوە ! کەئەمەشیان لەوی دی یەکجار خراپترە ! من بۆ هەردوو حاڵەتەکە ئەڵێم : <u>دەرهەق بە ئایندەی ئەم وڵاتە و ئەم میللەتە من ترسێکی زۆرم لێنیشتووە وخەمێکی گەورە دایگرتووم ... داوایشم لە سەرکردایەتیی ئەم هەرێمە ئەمەیە کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە گوێ بۆ لێدانی زەنگێکی زۆر خەتەر بگرین و بە دەنگییەوە بچین !!</u>**

********************************************************************************************